# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران سەبارەت بە ڕوداوەکانی "خاتون ئاباد" لە ئوستانی کرمان

کۆبوونەوە و تەحەسونی حەق خوازانەی کریکارانی "خاتون ئاباد"ی کرمان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە شیوەیەکی وەحشیانە سەرکوت کرا.

لە ١٠ رۆژ لەمەوبەرەوە ئیعتراز و نارەزایەتی دەربرینی ژمارەیەك لە کریکاران و بنەمالەکانیان سەبارەت بە دەرکردنی دەیان کەس لە کریکارانی موجتەمەعی زەوبی فلزی خاتون ئابادی سەر بە شاری بابەك لە ئوستانی کرمان لە ئارادا بووە. کریکارانی لەسەر کار دەرکراو کە بە شیوەی کاتی و قەراردادی لە موجتەمەعی مسی خاتون ئابادا کاریان دەکرد، دوای کۆتایی هاتنی مولەتی قەراردادەکەیان لەسەر کارەکانیان دەرکران.

کریکارانی دەرکراو خوازیاری گەرانەوە بۆسەر کارەکانی پیشویان و دامەزراندنی دائیمی بوون و لە ماوەی چەند رۆژی رابردودا هاورێ لەگەل بنەمالەکانیان بەردەوام لە حالی ئیعتراز و نارەزایەتی دەربرین دا بوون. رۆژی شەممە ریکەوتی ٤ی ریبەندانی ١٣٨٢ کریکارانی لەسەر کار دەرکراو لەبەر دەرکی دەفتەری پەیمانکاری موجتەمەعی زەوبی فلز بە مەبەستی گەیشتن بە خواستەکانیان کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی وەرێ دەخەن.

کۆبوونەوەی هیمنانەی کریکاران لەناکاو لەلایەن هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هیرشی دەکریتە سەر و بە خاك و خوین دەکیشرێ. بە وتەی ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە شاهیدی ئەم جینایەتەی هیزەکانی رژیم بوون، هیزە جینایەت پیشەکانی ئیسلامی بە مەبەستی بلاوە پیکردن بە کریکارانی حەق خواز و بێدیفاع، لە عەرز و ئاسمانەوە هیرشیان کردونە سەر و تەنانەت کەلکیان لە هیلی‌کوپتیریش وەرگرتووە. بەپیی ئەو هەوالانەی کە گەیشتون لەم رووداوەدا لانی‌کەم حەوت کەس کوژراوە و دەیان کەسیش بریندار بوون. بەرپرسانی رژیم کوشتار و سەرکوتی رۆژی شەممەی خاتون ئابادیان تەئید کردووە.

سەرکوتی کریکارانی حەق خواز و بنەمالەکانیان، شەپۆلیك لە نارەزایەتی دەربرینی گشتی لە خاتون ئاباد و شاری بابەك و ئوستانی کرمانی بەدواوە بووە. رژیم لە ترسی پەرەسەندنی ئیعترازاتی کریکاری و جەماوەری هیزی ئینتزامیی رەوانەی ناوچەکە کردوە و لە بەرامبەر کریکارانی بێدیفاع دا ئارایشی نیزامی و شەری بە خۆیەوە گرتووە.

خاتەمی وەك سەرۆك کۆمار و بەپیی رەوالی هەمیشەیی، بۆ کوژاندنەوەی دەنگی ئیعتراز و نەفرەتی خەلکی نارازی و شاردنەوەی ئەو جینایەتە کە خولقاندویانە کومیسیونیکی بۆ پێراگەیشتن بە رووداوەکەی رۆژی شەممە دیاری کردووە. بەلام هەر لە ئیستاوە ئاکامی کاری ئەو کومیسیونەش هەروەك کومیسیونەکانی پیشو کە بۆ پێراگەیشتن بە کاری لەم چەشنە پیك هاتبون، ئاشکرایە، تەبرئەی قاتلەکان و جینایەتکارەکان و مەحکوم کردنی قوربانیان لەژیر ناوی گیرەشیوێن و دوژمنی نیزام و مەملەکەت.

سەرکوت و کوشتاری وەحشیانەی کریکارانی لەسەر کار دەرکراو و برسیی خاتون ئاباد و بنەمالەکانیان ئەوپەری وەحشی‌گەری و دڕندەخویی حکومەتی ئیسلامی لە هەلس و کەوت لەگەل خەلکی نارازی، نیشان دەدا کە، کارنامەی ٢٥ سال دەسەلاتی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی پراوپر لە جینایەتی لەم چەشنەیە.

ئیستا کۆماری ئیسلامی لەهەر لایەکەوە کەوتۆتە بەر نارەزایەتی کریکاران، ژنان، لاوان، موعەلیمان و باقی چین و تویژە زۆر لێکراو و دەست کورتەکانی کۆمەلگا. لە ماوەی چەند مانگی رابردودا، شاهیدی پەرەسەندنی ئەم موبارزاتە بە تایبەت مانگرتنەکان و نارەزایەتی دەربرینەکانی کریکاری بوین.

نیگەرانی لە خەباتی پەرەسەندوی کریکاری و جەماوەری داهاتویەکی تاریك و موبهەمی لە بەرامبەر کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا داناوە و سەرەرای مل دان بۆ گوشارە دەرەکییەکان لەناوخۆدا سەرکوتی پەرە پییداوە. کۆماری ئیسلامی رژیمی سەرکوت و دیکتاتورییە و لەسەر کار مانەوەی حەیاتی نگریسی خۆی لە کوشتنی خەلکی نارازیدا دەبینی.

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران ویرای مەحکوم کردنی ئەم جینایەتە وەحشیانەیە و دەربرینی هاودەردی قولی خۆی لەگەل قوربانیانی رۆژی شەممە و بنەمالەکانیان، داوا لە هەموو خەلکی نارازی و ئازادیخواز، ریکخراو و حیزبە چەپ و مرۆڤ دۆستەکان و ریکخراوە کریکاری و ناوەندە نیونەتەوەییەکان دەکات کە لە خواست و داواکانی کریکاران و خەلکی نارازی خاتون ئاباد و شاری بابەك و سەرجەم بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری لە ئیران،پشتیوانی بکەن و خوازیاری لەقاودان و مەحکوم کردنی جنایاتی ئەم دواییانەی رژیمە بە شیوەیەکی بەربلاو.

ولامی ئەم جینایات و سەرجەم کردەوە دژی ئینسانییەکانی رژیمی دەسەلاتدار بە سەر ئیران دا دەبی بە پەرەپیدان بە نارەزایەتی دەربرین و خەباتی ئاگاهانە و ریکخراو بوون بۆ نەهیشتنی حکومەتی ئیسلامی لەریگای شۆرشیکی جەماوەری بدرێتەوە.

*حیزبی کۆمۆنیستی ئیران*

*٥ی ریبەندانی سالی ١٣٨٢ی هەتاوی*

*٢٥ی ژانویەی سالی ٢٠٠٤ی زایینی*